# مرۆڤ و ژینگە

http://www.kurdplanet.net/mrovUzhinge

کۆمەڵگەی کوردستان، نزیکەی سێ دەیە شوێنی شەڕ و تاقیگەی چەکە جۆراو جۆرەکان بوو، دوو شەڕی درێژخایەنی (- حکومەتی عیراقی – بزووتنەوەی بەرهەڵستکاری کوردی ) و (عیراق – ئێران) بە خۆوە دیوە و سێ کارەساتی گەورەی وەک ڕاگواستنی گوندنشینان و وێرانکردنی هەزاران گوند و سوتاندنی ڕەز و باخ و بوێستانی، کیمیابارانی هەڵەبجە و بادینان و ئەنفالی ۱۸۰ هەزار کەس و وێرانکردنەوەی هەزاران گوندی دیکە. ئەمانە هەموویان هاوکاتی وێرانکردنی ژینگە چ بە سووتان و وشکبوونی دارودرەخت، چ بە ژاراوکردنی بە کەرەستەی کیمیایی وەک گاز و بەکاربردنی ئەو جۆرە تەقەمەنییانەی کە یورانیۆمیان تێدایە. بەکورتی سامانی سروشتی هەر لە دارودرەختەوە بیگرە تا دەگاتە گیانلەبەران، بەر شاڵاوی پاکتاوکردن کەوتن.

زیانەکانی ئەم شێواندنە بەرنامەڕێژکراوەی سروشتی کوردستان، ئەوڕۆکە بە ئاشکرا دەرکەوتوون، لەوانە کەم ئاوی (کەم بارانی)، زیادبوونی ڕێژەی ئەو جانەوەرانەی کە دەبنە هۆی کەمی بەروبوومی کشتوکاڵی و زۆربوونی ئافاتەکانی کشتوکاڵ، کە بەداخەوە فەرمانڕەوایانی کوردستان نە لە هەوڵی دانانی بەرنامە و داڕێژانی پرۆژەی وادا بوون، کە بەر بەم کارەساتە بگرێت، نە لە هەوڵی پەروەراندنی توانایی بۆ ئەم مەبەستە بوون - بۆ نموونە پەروەردەکردنی کادرانی کارامە بۆ ئەم کارە و بوار ڕەخسان بۆ چوونەدەرەوەی خوێندکارانی قۆناخەکانی بالا بۆ وڵاتانی دەرەوە و دیتنی خولی پەروەردەیی لەم بوارەدا - و نە جەماوەریان بۆ پاراستنی ژینگە و بەدەستهێنانی هوشیاری پێویست لەم بارەوە هوشیارکردۆتەوە. بەڵکو ئەوەی هەیە زیاتر وێرانکردنی ژینگەیە هەر لە هێنانی کەرەستەی خراپ لە وڵاتانی دراوسێوە بیگرە تادەگاتە شەڕەکانی خۆیان، ئەوەندەی‌تر ژینگەی کوردستانیان وێران کردووە.

وەک دەرککردن بە لێپرسراوەتی بەرامبەر بە ژینگە و ژیان لەم ژینگەدا، ئەم وێبلاگە وەک هەنگاوێکی سەرەتایی بۆ کردنەوەی قسەوباس و گۆڕینەوەی هوشیاری لەم بارەوە و خستنەڕووی ڕێگەچارە و ئەزموون وەرگرتن لە وڵاتانی‌تر بە تایبەت ئەورووپی، دەستبەکار دەبێ. سەرکەوتنی ئەم هەنگاوە لە گرەوی ئامادەیی خوێنەرانی هێژادایە بۆ قسەوباس و گۆڕینەوەی بیروڕا و گەیاندنی ئەزموونی وڵاتانی‌تر. دەکرێت، ئەم هەنگاوە ببێتە بەردی بناخەی بزووتنەوەیەکی هوشیاری ژینگەپارێز، ئەگەر کاری بە کۆمەڵی لەپشتەوەبێ. هەڵبەتە هەستان بەم کارە، ئەرکێکی سیاسی بەسەر چالاکانی ژینگە پارێزدا ناسەپێنێ، بەڵکو تەنیا کارێک کە پێویستە پێی هەستن، هوشیارکردنەوەی جەماوەرە لە ڕەهەندە ترسناکەکانی درێژەکێشانی ئەم وێرانییەی ژینگەکەمان و ئامادەبوونی مەیدانییە لە هەڵگرتنی هەنگاوە سەرەتاییەکاندا.

لەبەر ئەوەی کە، ژیانی خۆش و پڕ لە گەشت و سەیران، پێویستی بە ژینگەی پاک و سروشت پارێزراو هەیە، بۆیە ئەرکی هەمووومانە، هەرکەس لە جێی خۆیەوە ئەگەر بە چاندنی داربەڕوویەک لە کێوە ڕووتەڵەکانی کوردستان، یا چاندنی نەمامێک لە هەوشەی ماڵەکەی و سەر ڕێگەوبانەکانی شار، یا هەڵگرتنەوەی پارچە زبڵێک لەسەر شەقامەکان و ناو کۆڵانەکان، بووە، بەکارێک هەستێت.

بۆ پێشەوە بە ئامانجی پاککردنەوە و پاراستنی ژینگە

براتان : ژینگەپارێز　　　　۲۰۰۵/۷/۸